## بکوژانی ئازادیی کەمال سەید قادر
## نەفرەتتان لێ بێت...!

**دارا مەحمود**

هەواڵەکانی حوکمدانی د. کەمال سەیدقادر بە 30 ساڵ زیندان لە لایەن دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە لە لایەن گەلێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردییەوە بڵاوکرایەوە، ئەم کێشەیەی خستە ناو قۆناغێکی مەترسیدارەوە.
هێشتا ڕوون نییە داخوا ئەم هەواڵە ڕاستە یان نا، بەڵام خودی کارەکە واتا ڕفاندنی د. کەمال و هێشتنەوەی و زیندانی کردنی تا ئێستا وەك کارێکی نارەواو ملهوڕانە جێگای دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ڕۆشنبیرانە. چونکە ئەم کارە بێ پەردە بریتییە لە چاو سوورکرنەوەو تۆقاندن. کە خەسڵەتی هەر ڕژێم و دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرو خۆسەپێنەرە. و تایبەتیش نییە بە د. کەمال. بەڵکو ئەمڕۆ ئەو و سبەینێش ئەوانی تر.
هەڵوێست و نووسینەکانی د.کەمال چەندە بکرێ وەك هەڵە ناویان ببەین، هیچکات ناچنە خانەی تاوانەوەو ئەو نەك هەر نابێت بە سی ساڵ حوکم بدرێت بەڵکو تەنانەت هێشتنەوەی بۆ 24 سەعاتیش کارێکی نارەوایەو خۆی لەخۆیدا تاوانە.
ئەوەش کە گوایا هەڵوێستی د. کەمال پەشیمانبوونەوەی پێوەدیارە یان نا. لاوازە یان بە هێز... هیچ لە کاکڵی پرسەکە ناگۆڕێت و ئەوە کولتووری خێڵ و یاسای زۆرۆە ملێ و چەقۆ کێشانە کە شانازی بە پاڕانەوەی قوربانی و دیل و زیندانییەوە دەکات. نەك عەقڵی مۆدێرن.
یەك لە هەرەسەرەتایی ترین بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی پەیڕەوکردنی تۆلێرانس و ملکەچکردنی دەسەڵاتدارە بۆ خەڵك کە لای ئێمە پێچەوانەکەی، واتا ترساندن و سزادان و بەچۆکداهێنانی خەڵکە بەرانبەر دەسەڵات.
دەسەڵاتێك کە دابەزییە ئەو ئاستەی ڕۆشنبیرانی خۆی لە زیندان بپەستێوێت و بە بەهانەی سوکایەتیکردن بە موقەدەساتە نا موقەدەسەکانی قەڵەم بەدەستانی سزابدات، سەرەتای شۆڕبوونەوەیەتی بە هەڵدێری شەرمەزاری و ڕیسواییدا.
مەخابن ڕووداوی د کەمال ئەو قسەی سەلمند کە ئیتر فاتیحا لەسەر دەسەڵاتی کوردی بخوێنین و خۆ نەخەڵەتێنین کە خێڵ و سەرەك خێڵ دەسەڵاتی مۆدێرن دەچەسپێنن. و مێشکیان ئەو بەرایەی تێدانیە. ڕاستە د. کەمال لە نووسینەکانیدا پتر لەوەی پێویست بوو قەلەمی وەشاند. بەڵام لە ئاکامدا ئەوەی ئەو وەشاندی هەر قەڵەم بوو. نە دڵۆپە خوێنێکی ڕشت و نەکەسی تاڵان کردو نەکەسیشی پێ زیندانی کرا. کە ئێوە خۆتان ڕۆژانە لەدەرەوەی یاساو یانیش بە پاڵپشتی یاسا پەیڕەوی دەکەن.
بەڕێزان ئێوە هیچ ئاگاتان لەخۆتانە ئەو کارەی ئێوە کردتان نەك هەر بە بەهاکانی دیموکراسی و بنەماکانی ئازادی نامۆیە، بەڵکو هەتککردن و لە گۆڕنانی دیموکراسیشە.

بەڕێزان ئێوە سەللندتان کە ئێوە لە جیهانێکدان و دیموکراسیش لە جیهانێکی تردا. ئەگەر وانەبووایە ئەزموونێکتان لەجیهانی دیموکراسی وەردەگرت و ئاگاتان لێ دەبوو لە جیهاندا چی ڕوو دەدەات.

ئەوەی د. کەمال نووسیویەتی و گوتوویەتی ناگاتە ئەژنۆی فیلمەکەی مایکل مۆر(فهرەنهایەت 9/11) کە لەسەر جۆرج بووش سازی کردووەو هەموو جیهانیش دیتوویەتی.

لە ڕۆژئاوای دیموکراسیدا سالآنە چەندان ڕووداوی هێلکە باران و تەماتە بارانی وەزیرو سەرەك دەولەت و بەرپرسانی هەرە بالآ بەبەرچاوی کامێراکانی تەلەفزیۆن و جەماوەرەوە ڕوودەدات و کەسیش لەگولٚ کالٚتریان پێ نالێت. ئێمە ناخوازین ئەمە بەسەر ئێوەش بێت، بەلآم تەنیا بەراوردێك بکەن..! و وا دیارە خۆتان بەڕەفتارەکانتان خەلٚك ناچاردەکەن نەك هەر تەماتەی ڕزیوو هێلکەی بۆگەنیو بەلٚکو ....خراپتریشتان بەسەر بێنن.

ئێوە بە تۆمەتی ئەوەی د.کەمال سوکایەتی بە بەڕێز مەسعود بارزانی کردووە فڕاندتان و لە زیندانتان پەستاوت. و گوایە بە چەکی یاسا دەتانەوێ سزای بدەن. ئەو یاسایەی کە بەگریمانە هەمووان لەبەرانبەریدا یەکسانن. لە حالێکدا ئەوەی د. کەمال بە بەڕێز مەسعود بارزانی گوتووە مشتێکە لەو خەروارەی بەڕێز حەمەسەعید حەسەن بەبەڕێز مام جەلآل و یەکیەتی کردووە کەچی نەك هەر دادگایی و سزانەدرا بەلٚکو خەلآتیشتان کرد. ئەمە لەکاتێکدا بالۆرەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەو تەبایی و برایەتی پەردەی گوێمانی کەڕکردووە. ئایا درۆیەکی لەوەشاخدارتر هەیە..؟ دیارە من هەرگیز ناخوازم ئەوەی بەسەر د. کەمال هاتووە بەسەر کاك حەمەسەعید حەسەنیش بێت. بەلٚکو من پێچەوانەکەی واتا ئازادکردنی د. کەمال و ئەگەر خەلآتکردنیشی نەبێت لانیکەم لێگەڕانی و بێ ڕێزی پێنەکردنی دەخوازم.

ئێوە بەم کارە دزێوەتان نەك کورسی و سەروەری و شەرەڤ خۆتان پێ نەپارێزرا، بەلٚکو بەدەستی خۆتان نەفرەتی هەر ڕۆشنبیرێك کە شایستەی هەلگرتنی شەرەڤ ڕۆشنبیریی بێت و نەفرەتی هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازتان بۆخۆتان کڕی و **نەفرەتتان لێ بێت**...